# جۆرەکانی هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە

[ kurdish – کوردی – كردي ]


کۆمەڵێ لە زانایان

وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ أنواع الشرك بالله ﴾

« باللغة الكردية »

جماعة من العلماء

ترجمة: عبد السلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## جۆرەکانی هاوەڵ پڕیاردان بۆ خوای گەورە

شیرك وهاوەڵ پڕیاردان بۆ خوای گەورە دەبێت بەدوو بەشەوە :

گەورە و بچووك :

**یەکەم )** هاوەڵ پڕیاردانی گەورە : هاوەڵ پڕیاردانە بۆ خوای گەورە وپەرستنیەتی وەك پەرستنی خوای گەورە، ئەمەش مرۆڤ لە بازنەی ئیسلام و ئیمان دەباتە دەرەوە وهەموو کارکردەوەیشی پوچ وبەتاڵ دەکاتەوە ودەیانسڕێتەوە، وە خاوەنەکەیشی ئەگەر بەو باوەڕ وکارەکردەوە بمرێت بەهەتاهەتایی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە کە، نەمردنی تێدایە ونە سزایشی لەسەر سووك دەکرێت.

### جۆرەکانی شیرك وهاوەڵ پڕیاردانی گەورە

هاوەڵ پڕیاردانی گەورە دەکرێت بەچوار بەشەوە :

١- **هاوەڵ پڕیاردانی دوعا ونزا (شرك الدعوة) :** چونکە دوعا ونزاکردن گەورەترین ومەزنترین پەرستنە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ناوەڕۆکی پەرستنیشە، هەروەك پێغەمبەری خودا (صلى الله

عليه وسلم) فەرموویەتی : " الدعاء هو العبادة " {رواه أحمد والترمذي وقال حديث حسن صحيح، مسند أحمد (٢٦٧/٤) وسنن الترمذي (٢٩٦٩)} واته : دوعا ونزا وپاڕانەوە هەر ئەوە پەرستنە .

خوای گەورەیش دەفەرموێت : {وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} {غافر :٦٠} واته : وە پەروەردگارتان فەرموویەتی: لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە بێگومان ئەوانەی خۆ بەگەورە دەزانن کە بمپەرستن لەمەوپاش بەسەر شۆری دەچنە دۆزەخەوە.

جا لەبەر ئەوە کاتێك سەلمێنرا کە دوعا ونزا وپاڕانەوە پەرستن وعیبادەتە وهەق ومافی خوای گەورەیە، کەواتە دانی ئەم هەقە بەغەیری خودا شیرك وهاوەڵ بڕیاردانە بۆ ذاتی (اللّٰه)، بۆیە هەر کەس هاوار بۆ پێغەمبەرێك یان پادشایە یان پیاوچاکێك یان گۆڕ ودار وبەردێك یان هەر دروستکراوێکی تری خوا بکات، ئەوە ئەو کەسە هاوەڵ بڕیادەر (مشرك) و بێباوەڕە بەخوا، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : {وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ

رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ} {المؤمون :١١٧} واته : ئەو کەسەی خوایەکی تر پریار بدات و بیکاتە شەریکی خوا، لە کاتێکدا کە هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نیە، ئەوە بە ڕاستی حساب و لێپرسینەوەی لای پەروەردگارێتی، بێگومان بێ باوەڕو خوا نەناسان سەرفراز نابن .

لەو بەڵگانەیشی کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دوعا ونزا و پاڕانەوەپەرستن وعیبادەتە وپێدانی بەهەر کەسێکی تر شیرك وهاوەڵ پریاردانە بۆ خوای گەورە، ئەو ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێت : {فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ } {العنكبوت:٦٥} واته : ئینجا کاتێ ئەو (بێ باوەڕانە) سوار کەشتی دەبن (و ترسان لە نوقم بوون) تەنها هاوار لە خوا دەکەن بە دڵسۆزی و گەردن کەچی یەوە کەچی کاتێ خوا ڕزگاریان دەکات و دەگەنە ووشکانی کوت و پڕ ئەوان هاوبەش بۆ خوا دادەنێن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەو (مشرك) انە لەکاتی خۆشی وئاسایی ونازو نیعمەتیاندا هاوەڵ

بڕیاردەدەن بۆ خوای گەورە، بەڵام لەکاتی ناڕەحەتی ونەهامەتیاندا زۆر بەدڵسۆزی و ئیخلاصەوە هانا وهاوار دەبەن بۆ لای خوای گەورە، جا هاوار و تیاچوون بۆ ئەو کەسانەی کە لەکاتی خۆشی وناخۆشی و نازو نیعمەت ونەهامەتیشدا هەر هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیاردەدەن.

**٢- هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا لە نیەت و مەبەست و وویست و ئیرادەدا (شرك القصد والإرادة) :** وەك ئەوەی نیەتی لەکار وکردەوەیدا بەدەستهێنانی دونیا وریا بازی و ڕوپامایی وناو وشوهرەت بێت، ئیرادە ومەبەستێکی وا کە وویست ونیەتی تەواو بۆ ئەمانە بێت وەك وویست و ئیرادەی دوو ڕووە تەواو وگەورەکان، بەجۆرێك کە نیەتیان ڕەزامەندی خوا و بەدەستهێنانی خۆشبەختی ڕۆژی دوایی نەبێت، ئەوە ئەو کەسانە موشریکی گەورەن، خوای گەورەیش فەرموویەتی :{مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ (١٥) أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ } {هود : ١٥ – ١٦} واتە : هەر کەسێك

تەنها ژیانی دنیاو ڕازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەکەی بوێت. ئەوە پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە لە دنیادا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوە (١٥) ئا ئەوانە ئەوانەن کە لە ڕۆژی دوایدا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان بۆ نیە و ئەوەی کە کردیان لە دنیادا پووچەڵ بۆوە و بێ نرخە، هەروەها ئەو کاروکردەوەی کە دەیانکرد بەتاڵ و پووچ و بۆشە (١٦) .

ئەم جۆرە لە شیرك وهاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە زۆر وورد ولەهەمان کاتیشدا زۆر مەترسیدارە.

**٣-هاوەڵ بڕیاردان لە گوێڕایەڵی وطاعەتکردندا (شرك الطاعة) :** هەرکەسێك بەگوێی دروستکراوێکی خوای گەورە بکات و طاعەتی ئەو بکات لە حەڵاڵکردنی ئەوەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە، یان گوێڕایەڵی بکات لە حەرامکردنی ئەوەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە، وە بەدڵی باوەڕی وابێت ئەوەی کە بۆیان حەڵاڵ و حەرام دەکەن دروستە بۆیان ومافی ئەوانەو لەهەمان کاتیشدا دروستە بۆ ئەمانیش طاعەت وگوێڕایەڵیان بکەن لەگەڵ

ئەوەیشدا بزانێت ئەم کارە پێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەوا ئەو کەسانە باچاك بزانن ئەو کەسانەیان کردووە بە خوا وپەروەردگاری ولەجێگای خوای گەورە کە ناوی (اللّٰه) یە دایاننناون و هاوەڵ وشەریکی گەورەیشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە .

خوای گەورە دەفەرموێت : {ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ } {التوبة :۳۱} واتە : (گاور وجولەکەکان) زاناو عابیدەکانیان کردووە بە پەروەردگار لە جیاتی خوا هەروەها مەسیحی کوری مەریەمیش (یان کردووە بە خوا) لە کاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە بێجگە لەوەی کە یەك خوا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێك نی یە بێجگە لەئەو، پاك وبێگەردی بۆ ئەو (خوا) لەوەی دەیکەنە هاوبەشی.

تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە : کە مەبەست پێی تاعەت و گوێڕایەڵیە بۆ زانا و عابیدەکانیان لە گوناهـو تاواندا (واتە : لە گۆرینی حوکمی خوای گەورەدا) نەك تەنها داواکردن بێت لێیان، هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا (صلى اللّٰه عليه

وسلم) بۆ عەدی کوری حاتەمی شیکردەوە کاتێك عەدی پرسیاری لێکرد، عەدی ووتی : ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی بۆ باسکرد کە عیبادەتی ئەوان ئەوەیە کە گوێرایەڵیان بکرێت لە گوناهو تاواندا (واتە : لەگۆرینی حوکمی خوادا) وە پێی فەرمووە : " أليس يحرمون ما أحل الله فتحرمونه ويحلون ماحرم الله فتحلونه " قال : بلى ، قال : " تلك عبادتهم " ، { رواه الترمذي وحسنه، والطبراني في المعجم الكبير، سنن الترمذي (٣٠٩٥) والمعجم الكبير للطبراني (٩٢/١٧)} واتە : ئایا ئەوەی خوای گەورە حەرامی کردبوو ئەوان حەڵالیان نەدەکرد، ئەمەش حەڵاڵکردنی ئەوانە، وە ئایا ئەوەی خوای گەورە حەڵاڵی کردبوو ئەوانە حەرامیان نەدەکرد، ئەمەش حەڵاڵکردنی ئەوانە .

**٤-هاوەڵ دانانی خۆشەویستی (شرك المحبة) :**

مەبەستی پێی خۆشەویستی پەرستنە کە مەزنی وبەگەورەگرتن وملکەچی وزەلیلی پێویست دەکات، کە نابێت بۆهیچ کەسێك غەیری خودا دەربپررێت کە هیچ شەریك وهاوەڵێکی نییە، جا

هەرکاتێك بەندە ئەم خۆشەویستیەی بۆ کەسێکی تری غەیری خودا دەربڕی ئەوە هاوەڵی گەورەی بۆ خوای گەورە بڕیار داوە، بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێت : {وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِۗ } {البقرة :١٦٥} واتە : کەسانێکی واهەن لەخەڵکی کەهاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن وخۆشیان دەوێن وەک خۆشەویستی(ئیمانداراران بۆ خوا بەڵام ئەوانەی پروایان هێناوە خوایان زۆر زیاتر خۆش دەوێت .

## دووەم : هاوەڵ پڕیاردانی بچووکە :

هەموو شتێك سەربکێشێت بۆ هاوەڵ پڕیاردانی گەورە و هۆکاری کەوتنە ناو هاوەڵ پڕیاردانی گەورە بێت، یان لەدەقەکاندا بە هاوەڵ پڕیاردان هەژمار کراوە بەڵام ناگاتە سنووری هاوەڵ پڕیاردانی گەورە، ئەمەش لەشێوەی کردەوە و گوفتاری زماندا خۆی دەنوێنێت، وە حوکمەکەیشی وەك حوکمی گوناهە گەورەکان وایە و لەسەر وویست و ئیرادەی خودا وەستاوە (ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت و ئەگەر نەیشیەوێت لێی خۆش نابێت) .

له نموونەی ئەم جۆرەش، ئەم چەند نموونەی خوارەوەن کەباسی دەکەین :

أ) **ڕووپامایيەکی کەم :** بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیە کە ئیمام ئەحمەد وغەیری ئەویش ڕیوایەتی دەکەن لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) کە فەرموویەتی : " إن أخوف ما أخاف علیکم الشرك الاصغر، قالوا : وما الشرك الاصغر یارسول الله، قال : " الرياء، يقول الله تعالى يوم القيامة إذا جازى الناس بأعمالهم : إذهبوا إلى اللذين كنتم تراؤون فى الدنيا، فانظروا هل تجدون عندهم جزاء " { مسند أحمد(٤٢٨/٥) وقال المنذري إسناده جيد، الترغيب والترهيب (٤٨/١) وقال الهيثمي : رجاله رجال صحيح، مجمع (١٠٢/١)} واتە : ئەوەی من زیاتر لە هەموو شتێك لێی دەترسم بۆ ئێوە هاوەڵ پریاردانی بچووکە، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خواد هاوەڵ پریاردانی بچووك چیە؟ فەرمووی : ڕیا و ڕوپامایی، خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا دەفەرموێت هەرکاتێك خەڵکی داوای پاداشتی کاروکردەوەکانیان خۆیان دەکرد، پێیان دەفەرموێت : بڕۆن

بۆلای ئەو کەسانەی کە ڕوپاماییتان بۆ دەکردن لە دونیادا سەیر بکەن بزانن ئایا هیچ پاداشتێکیان لایە بۆتان.

ب) **ووتنی (ماشاء اللّه وشئت)** واتە : بڵێیت بەکەسێك ئەگەر خواو و تۆ بتانەوێت، ئەبوداود لە سونەنەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەر (صلی اللّه علیهوسلم) فەرموویەتی : " لا تقولوا ماشاء اللّه وشاء فلان، ولکن قولوا ماشاء اللّه ثم ماشاء فلان " { سنن أبي داود (٤٩٨) و مسند احمد (٣٩٩/٥) قال الذهبي فی مختصر البیهقي (٢/١٤٠/١) إسناده صالح} واتە : مەڵێن ئەگەر خوای گەورە فڵان کەس بیانەوێت، بەڵکو بڵێن ئەگەر خوای گەورە بیەوێت پاشان فڵان کەسیش بیەوێت .

ج) **ووتنی ئەم دەستەواژەیە : (لولا اللّه ولولا الفلان)** واتە : ئەگەر خوا و فڵان کەس نەبوایە وادەبوو ، یان بووترێت ئەگەر قازەکە نەبوایە دزەکە دەهاتە سەرمان، ئەمانە و نمونەی ئەم ووتانە، ئەبو حاتم لە لەعبد اللّه ی کوڕی عەباسەوە ڕێوایەتی کردووە کە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا : {فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ}

{البقرة : ﴿٢٢﴾} فەرموویەتی : ( أنداد) بریتیە لە شیرك وهاوەڵ پڕیاردانی شاراوە کە لە خشەی قاچی مێروولەیەك کە لەسەر بەردێکی ڕەش لەشەوێکی تاریکدا ڕێبکات، وەك ئەوەی بڵێت : ئەی فڵان کەس خوا وژانی تۆ  وژیانی من، واتە : خوا و تۆ ژیانی منتان پاراست، یان بووترێت : ئەگەر توولە سەگەکەی ئەم نەبوایە دز ئەهاتە سەرمان، یان : ئەگەر قازەکە نەبوایە لەماڵەکەدا دز دەهاتە سەرمان، یان کەسێك بڵێت : ئەگەر خوا وتۆ بتانەوێت، یان بوترێت : ئەگەر خوا و فڵان کەس نەبوونایە، ابن عباس فەرمووی : فلان کەسی لەگەڵدا مەڵین و لەگەڵیدا دایمەنێن ، هەموو ئەمانە شیرك و هاوەڵ پڕیاردانیان تێدایە {تفسير ابن ابي حاتم ٦٢/١} .

## جیاوازی لەنێوان هاوەڵ بڕیاردانی گەورە و هاوەڵ بڕیاردانی بچووك

لەنێوان هاوەڵ بڕیاردانی گەورەو هاوەڵ بڕیاردانی بچووکدا کۆمەڵیك جیاوازی هەیە. گرنگترینیان بریتین لە :

١) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە خوا لەخاوەنەکەی خۆش نابێت ئەگەر تەوبەی لی نەکات، بەڵام هاوەڵ بڕیاردانی بچووك لەژێر وویستی خوای گەورەدایە (واتە ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت و ئەگەر نەیشیەوێت لێی خۆش نابێت) .

٢) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە سەرجەم کاروکردەوە وچاکەی مرۆڤ دەسڕێتەوە، بەڵام هاوەڵ بڕیاردانی بچووك تەنها ئەو کارە ئەسڕێتەوە کە تێکەڵاوی بووە .

٣) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلام و موسڵمانان دەباتە دەرەوە، بەڵام هاوەڵ بڕیاردانی بچووك خاوەنەکەی لە ئیسلام ناباتە دەرەوە .

٤) هاوەڵ پڕیاردانی گەورە خاوەنکەی بەهەمیشەیی لەئاگردا دەهێڵێتەوە ولەچوونە بەهەشتی حەرام دەکات، بەڵام هاوەڵ پڕیاردانی بچووك وەك سەرجەم تاوانەکانی تر وایە .

خوای گەورە لەگوناهی هەموو لایەکمان خۆش ببێت و بەدوورمان بگرێت لە هەموو جۆرە کانی هاوەڵ پڕیادان بۆ خوای گەورە (ئامین یارب العالمین).